حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی پەروەردە/ بەشی رێنمایی و پەروەردەیی و دەروونی

# ( پاڵنەری دەستکەوت و پەیوەندی بە پتەوی دەروونی لای کارمەندانی نوسینگەی خانوبەرە لەشاری هەولێر )

پێشکەش کراوە بە ئە نجومەنی بەشی رێنمایی و پەروەردەیی و دەروونی وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی دەرچوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بکالۆریۆس

توێژەر:

بەهار کاکە عزیز

سەرپەرشتیار :

د. کاظم زرار أحمد

2723کوردی 1444کۆچی 2023زاینی

# پێشەکی:

(( تەنانەت ژیانێکی بەختەوەرانەش ناتوانێت بەدوور بێت لە کەمێك تاریکایی، وشەی خۆشبەختی ئەگەر تێکەڵاوی خەم نەبوایە واتای خۆی لەدەست دەدا، واباشترە شتەکان بە سەبر و ئارامییەوە بە هەمان شێوە وەربگرین و قبوڵیان بکەین کە لە ڕێگاوە دەمانگەنێ ))

(کارل گۆستاف یۆنگ)

## پێشکەشە بە :

* دایك و باوکی خۆشەویستم کە هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بوون بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن.

* هاوسەری خۆشەویستم ( سەرهەد سلێمان ).

* بەشی  رێنمایی و پەروەردەیی و دەروونی کە وەك فێرخوازێك بووم لەم بەشە.

* خوشك و برا خۆشەویستەکانم.

* هەموو ئەو مامۆستایانەی کە وانەیان پێ گوتووم، لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندنم.

* هەموو هاوڕێیان و هاو پۆلەکانی خوێندنم.

توێژەر

## سوپاس و پێزانین:

* سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە کە توانا و هێزی پێبەخشیم بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکەم.

* سوپاسی بێ پایانم بۆ (د.کاظم زرار أحمد) هەیە کە ئەرکی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆی خۆی و هاوکارم بوو.

* هاوڕێی خۆشەویستم ( هیمداد سلمام ) کە لە تەواوی توێژینەوەکم هاوکارم بوو.

* (أحمد سلمان) توێژەری یاریدەدەر لە کۆلێژی ئاداب – زانکۆی صلاح الدین.

*- سوپاس بۆ هاوسەری خۆشەویستم (سەرهەد سلێمان) کە بەردەوام هاوکارم بووە.

* هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە هاندەری خوێندنم بوون.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە:

( پاڵنەری دەستکەوت و پەیوەندی بە پتەوی دەروونی لای کارمەندانی نوسینگەی خان و بەرە لە شاری هەولێر )

**ئامانج لەو توێژینەوەیە بریتی بوو لە :**

پێوانی ئاستی هەریەك لە پاڵنەری دەستکەوت و پەیوەندی بە پتەوی دەروونی لای کارمەندانی نوسینگەی خان و بەرە، وە زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پاڵنەری دەستکەوت و پتەوی دەروونی نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ( 60 ) کارمەندی نوسینگەی خان و بەرە کە تەنیا رەگەزی نێر بوون، توێژەر بۆ پێوانی پاڵنەری دەستکەوت پێوەری ( بن بریکە 2007, ) بەکار هێنا،وە بۆ پێوانی پتەوی دەروونی پێوەری ( مخیمر,2006 ) ی بەکارهێناوە، توێژەر بە کەلکبوون و جێگیریان بۆ پێوەرەکان دەرخست. کە لە ئاستێکی بەرزدابوون و دواى توێژەر هەڵسا بە بەکارهێنانیان و لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت ، کە ئاستی هەر یەك لە پاڵنەری دەستکەوت و پتەوی دەروونی بەرز بوون لای نموونەی توێژینەوەکە، بۆ زانینی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوەکە دووای دەرهێنانی ( هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن ) پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی پاڵنەری دەستکەوت و پتەوی دەروونی پەیوەندیەکی بەهێزی راستەوانەیە بە بەهای ( 0,38 ) . لە دووای دەرهێنان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان توێژەر چەند ڕاسپاردەو پێشنیازێکی خستە ڕوو.

## پێرستی ناوەڕۆك


| ژ | بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | پێشەکی | أ |
| ٢ | پێشکەش کردن | ب |
| ٣ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٤ | پوختەی توێژینەوە | د |
| ٥ | پێرستی ناوەڕۆك | ه – و |
| ٦ | بەشی یەکەم/ چوار چێوەی گشتی توێژینەوە | ١-٩ |
| ٧ | کێشەی توێژینەوە | ٢ |
| ٨ | گرنگی توێژینەوە | ٣-٦ |
| ٩ | ئاما نجی توێژینەوە | ٧ |
| ١٠ | سنوری توێژینەوە | ٧ |
| ١١ | پێناسەکردنی زاراوەکان | ٨-٩ |
| ١٢ | بەشی دووەم/ چوار چێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو | ١٠-٢٢ |
| ١٣ | چوار چێوەی تیۆری پاڵنەری دەستکەوت | ١١-١٤ |
| ١٤ | چوار چێوەی تیۆری پتەوی دەروونی | ١٥-١٩ |
| ١٥ | توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٠-٢٢ |
| ١٦ | بەشی سێیەم/ ڕێبازی توێژینەوە و بەکارهێنانی | ٢٣-٢٨ |
| ١٧ | ڕێبازی توێژینەوە | ٢٤ |
| ١٨ | کۆمەڵگای توێژینەوە | ٢٤ |
| ١٩ | نموونەی توێژینەوە | ٢٤ |
| ٢٠ | ئامرازەکانی توێژینەوە | ٢٤-٢٥ |
| ٢١ | بەکەلکبوونی پێوەر( ڕاستگۆی ) | ٢٥ |
| ٢٢ | بەکەلك بوونی ڕواڵەتی | ٢٥-٢٦ |
| ٢٣ | جێگیری پێوەر | ٢٧ |
| ٢٤ | جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە | ٢٨ |
| ٢٥ | یاسا ئاماریەکان | ٢٨ |
| ٢٦ | بەشی چوارەم/ خستنە ڕووی ئە نجامەکان و شیکردنەوەیان | ٢٩-٣٥ |
| ٢٧ | خستنە ڕووی ئە نجامەکان | ٣٠-٣٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨ | ڕاسپاردەکان | ٣٣ |
| ٢٩ | پێشنیازەکان | ٣٣ |
| ٣٠ | سەرچاوەکان | ٣٤-٣٥ |
| ٣١ | پێرستی خشتەکان | ٢٤-٣٢ |
| ٣٢ | خشتەی( ١ ) نموونەی توێژینەوە | ٢٤ |
| ٣٣ | خشتەی ( ٢ ) ڕای شارەزایان بۆ مانەوە و لادانی بڕگەکانی پاڵنەری دەستکەوت | ٢٦ |
| ٣٤ | خشتەی ( ٣ ) ڕای شارەزایان بۆ مانەوە و لادانی بڕگەکانی پێوەری پتەوی دەروونی | ٢٦ |
| ٣٥ | خشتەی ( ٤ ) جێگیری پێوەر | ٢٧ |
| ٣٦ | خشتەی ( ٥ ) زانینی ئاستی پاڵنەری دەستکەوت لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | ٣٠ |
| ٣٧ | خشتەی( ٦ ) زانینی ئاستی پتەوی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ٣١ |
| ٣٨ | خشتەی ( ٧ ) زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پاڵنەری دەستکەوت و پتەوی دەروونی | ٣٢ |
| ٣٩ | پێرستی پاشکۆکان | ٣٦-٤٤ |
| ٤٠ | پاشکۆی ( ١ ) ڕا پرسی ڕای شارەزایان بۆ پێوەری پاڵنەری دەستکەوت | ٣٦-٣٧ |
| ٤١ | پاشکۆی ( ٢ ) ڕا پرسی ڕای شارەزایان بۆ پێوەری پتەوی دەروونی | ٣٨-٣٩ |
| ٤٢ | پاشکۆی ( ٣ ) ناوی ئەو مامۆستایانەی کە بەشداریانکرد لە بەکەلکبوونی پێوەر و هەردوو پێوەرەکە بە پلەی زانستی | ٤٠ |
| ٤٣ | پاشکۆی ( ٤ ) ناوی ئەو شارەزایانەی کە توێژەر پشتی پێ بەستوون بۆ ڕاستگۆی وەرگێڕانی هەردوو پێوەر | ٤٠ |
| ٤٤ | پاشکۆی ( ٥ ) جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت | ٤١-٤٢ |
| ٤٥ | پاشکۆی ( ٦ ) جێبە جێکردنی کۆتایی پێوەری پتەوی دەروونی | ٤٣-٤٤ |

# چواچێوەی گشتی توێژینەوەکە

- کێشەی توێژینەوە .
- گرنگی توێژینەوە.
- ئاما نجەکانی توێژینەوە.
- سنوری توێژینەوە.
- پێناسەکردنی زاراوەکان.

## کێشەی توێژینەوە:

مرۆڤ بە گشتی و بەتایبەتی و ئەوانەی بێ هێز و کەم توانایی خودی و پەیوەست بە پاڵپشتی دەرەکین, ناتوانن بە گونجاوی کارەکانی ڕۆژانەیان ڕایی بکەن, هێزی ناوەکی مرۆڤیش بۆ ژیان کردنی پەیوەستە بەو هەل و مەرجەی کە لە ڕووی پێکهاتەیی و دەروونییەوە بۆی هەڵکەوتووە و تێیدا دەژی، هەموو ڕەفتارێك کەتاك دەیكات پاڵنەرێكی لە دواوەیە نەبوونی پاڵنەر هۆکاری کەمکردنەوەی تواناکا نمانە دەستکەوت لای هەمووتاکێك جێگای بایەخە جا بە پێی کەسەکان دەستکەوت دەگۆڕێت، هەریەکەو تواناکانی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوتێك چڕەکاتەوە هەرکات پاڵنەری دەستکەوت لای تاك کەم بوو یان نەما ئیدی هەوڵ و تەقەلای ئەوتاکەش لەشێوازی ژیانی دادەبەزێت و تاکێکی ناچالاکی لێ درووست دەبێت،هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە دەوروبەریشی هەن پاڵنەری ئەو کەسەن بۆ ئەوەی هێزێکی دەروونی پێ ببەخشێت و بتوانێت بەرنگاری ڕووداوە سەختەکان ببێتەوە و لە هەمان کاتدا پێویستییە دەروونییەکانی خۆی فەراهەم بکات، هەرکات مرۆڤ هەستی بەکەمتوانایی دەروونی کرد و فشارەکانی ژیان و کارکردن تەنگی پێهەڵدەچنن و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نامێنێت و دەستەوەستان دەبێت لەچارەسەرکردنیان، بەمەش تاکێکی بەرهەمدار و کارامەی لێدروست نابێت و هەست بەبێ بەهایی خۆی دەکات لەناو کۆمەڵگادا. چونکە ژیان بەردەوام لەململانێ و نارەحەتی یەك لەدوای یەکدا تێدە پەڕێت پێویستی بە هێزێکی دەروونی پتەو هەیە تا خۆی لەگەڵ هەڵوێست و بارووڕۆخەکانی ژیان بگونجێنێت و بەردەوامی بەژیانی ئاسایی بدات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو قەیران و ڕووداوە سترێساویانەی کە جیهان شاهیدییەتی، مرۆڤ لە زۆر لایەنی ژیانیدا زیاتر بەرەوڕووی گێژاوی بووەتەوە و ئەمەش لە زۆربەی لایەنەکانی کەسایەتییەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، لە سەرانسەری قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا تاك پێویستە چێژ لە پێکهاتە کەسییەکان وەربگرن کە وایان لێدەکات زیاتر بتوانن ڕووبەڕووی ئەو فشارانە ببنەوە نارەحەتی دەروونی. بەم شێوەیە بووەتە پێویست بۆ گەڕان بەدوای هەموو شتێکدا کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی ستراتیژییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تاك و پەرەپێدانی توانای بەرەنگاربوونەوەی و بەرگەگرتن و خۆڕاگری. بەم شێوەیە چێژ وەرگرتن لە پتەوی دەروونی بووەتە مەرجێکی پێویست بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بەرەنگاری ئەو ئاستەنگانە ببێتەوە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، و ڕووبەڕووی کاریگەریی چەندین فشاری ژیانی دەبێتەوە. لەم بوارەدا بەرژەوەندی دەستی کردووە بە بەرزکردنەوەی پتەوی دەروونی بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی دەروونی و دەروونی و جەستەیی تاکەکان و ڕێگریکردن لە دەرئەنجامەکانی فشار. بەم پێیە دەتوانرێت کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارانەی خوارەوە دابڕێژرێت: ١- ئایا جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە پاڵنەری دەستکەوت و پتەوی دەروونی لەلایەن کارمەندانی نوسینگەی خان وبەرە هەیە؟ ٢- ئایا شێوازی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بە پێی فاکتەری باری خێزانی جیاوازە؟ توێژەر بۆ ئەوەی بگات بە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە: پاڵنەری دەسکەوت و پەیوەندی بە پتەوی دەروونی لای نوسینگەی خانوبەرە لە شاری هەولێر.

## گرنگی توێژینەوە:

پاڵنەری دەست کەوت پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە پرۆسەی بە کۆمەلایەتیکردن, واتە جۆری پەیوەندیکردن و شێوازەکانی بە کۆمەلایەتی کردنی دایك و باوك لە قۆناغی منداڵی جۆرو بڕی دەستکەوتە پاڵنەر دیاری دەکەن, دەر ئە نجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە خاوەنی پاڵنەری دەستکەوتی زۆرن و حەزوو ئا رەزووی دەستکەوتن و جێبەجێکردنیان بەرزە, لە ناو ئەو خێزانانەدا پەروەردە بوون کە دایك و باوکیان هانیان داون و بواری سەربەخۆبوون و پشت بەستن بە خۆیان بۆ ڕەخساندوون لەسەر جێبەجێکردنی کارو چالاکییەکانی ڕۆژانەی. ( قەرەچەتانی , 2015 , لا 104-105 – 106 )

وە زانای دەروزانی هێنری مۆرای بۆی دەرکەوت کە پاڵنەری دەستکەوت پەیوەندی هەیە بە جێبەجێکردن یا ئە نجام دان , ئە نجامدانی شتێك و زاڵبوون بەسەر کۆسپەکاندا و دەستەبەر کردنی ئاستێکی بەرز و کێبڕکێ و سەرکەوتن بەسەر ئەوانی ترو لە خۆگرتن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی شتە مادییەکان یا کەسەکان یا بیرۆکەکان( مستەفا , 2019, لا 246 ).

وە دێڤید ماکلیلاند لە ساڵی 1946بەرنامەیەکی فراوانی دانا بۆ لێکۆڵینەوە لە پێداویستی بۆ دەستکەوتن. ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی لەم بوارە ئە نجامدا بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا جیاوازی خەڵك چۆن دەبێت و بە چ ڕێگایەك دەبێت کاتێك ئاستێکی بەرزیان دەبێت لە پێداویستی بۆ دەستکەوتن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ئاستێکی نزمیان هەیە لەو پێداویستیە . لە توێژینەوە یەکەمەکان تەنها ڕەگەزی ( نێر ) بابەتی توێژینەوە بوون , ئە نجامەکان دەریان خست کە وا ئەوانەی خاوەن پێداویستیەکی بەرز بوون بۆ دەستکەوتن زۆربەیان لە چینی ناوەڕاست بوون ( لە ڕووی ئابوورییەوە ) و کەمیان دەکەوتنە ناو چینی نزم یا بەرز. لە هەندێ توێژینەوەی تر و لە هەڵوێستی جیاوازدا کە لەسەر کەسانی ئاسایی ئە نجامدرابوو دەر کەوت کە ئەوانەی پێداویستیەکی بەرزیان هەیە بۆ دەستکەوتن بەگوورترن بۆ جێبە جێکردنی کارەکانیان و فێریش دەبن چۆن کارەکانیان بە شێوەیەکی باشتر ئە نجام بدەن , هەروەها لە کارەیان جددیترو بە پەرۆشتربوون بۆ ئیش , دەریش کەوت کەوا خەلاتی دەرەکی لایان هاندەرێکی لاواز بوو بۆ ئە نجامدانی کارەکانیان و بەهێزترین خەلات لایان خودی دەستکەوتنەکەبوو .

تاکی خاوەن پێداویستی بەرز ئەمە ناکات تاوەکو نەخرێتە دۆخێکی بەرەنگاربوونەوە ( تحدی ) لە پێناو ئەوەی هەوڵبدات زۆر باشتر بێت. وە لە ئە نجامی ئەم توێژینەوانە ماکلیلاند بۆی دەرکەوت کەوا ئەو خەڵکەی خاوەن پلەی بەرزترن لە پێداویستییەکانی دەستکەوتن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەتایبەتی لە کاردا ئەوانەن کە دەگەڕێن بە دوای ئەو هەڵوێستانەی کە ڕێگەیان پێدەدەن بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان بۆ دەست کەوتن ڕازی بکەن , ئەوانە ئاستێکی دیاریکراو بۆ دەستکەوتن بۆ خۆیان دادەنێن و دوایی هەوڵ دەدەن چۆن بگەنە ئەو ئاستە.

لە ڕێگای پرۆژەیەکی تۆکمە و درێژخایەن ماکلیلاند چەندین بەڵگەی بۆ دەرکەوت کەوا پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاستی پێداویستی بۆ دەستکەوتن لای ئەندامانی کۆمەڵگایەك و لەنێوان ئاستی گەشەکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانی( مستەفا, 2019, لا 49-501 ).

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە دەزگای ( سۆنتراك –بسکرە- )بۆیان دەرکەوت کە پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لە نێوان پاڵنەری دەستکەوت و ڕێکخستنی کەش و هەوای ژینگەی کارکردنی تاك وە ئەم ڕێکخستنە وا دەکات پەیوەندییەکە بە هێزتر بێت. پاڵنەری دەستکەوت بە رزتر بێت. ( الرمیسا, 2013- 2014, لا121 )

بە پێی توێژینەوەیەکی تر کە لە ولایەتی ( البویرە )ئە نجام دراوە دەر کەوت پەیوەندییەکی هاوئاڕاستەی بەهێز هەیە لەنێوان ڕازی بوون لەکار وە پاڵنەری دەستکەوت( تسعدیت,2011-2012 , لا91 ).

وە ئەو توێژینەوەی کە لە ( ام البواقی ) ئە نجامدرا دەرکەوت کە فشارە پیشەییەکان پەیوەندی ئەرێنی هەیە بە پاڵنەری دەستکەوت بە ئاستی مام ناوەند( هادف, 2017-2018,لا125 ).

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی تر کە لە ولایەتی ( الوادی ) ئە نجامدرا ,دەرکەوت کە پەیوەندی ئەرێنی بەهێز هەیە لە نێوان کاریگەربوون بە خود وە پاڵنەری دەستکەوت تاوەکو کاریگەربوون بە خود بەرز بێت ئەوا پاڵنەری دەستکەوت بەرزە( الساکر,2014-2015,لا69 ).

لەگەڵ گۆڕانکارییە سەردەمییەکانی جیهان, کە تاك دووچاری سەرقاڵی و سەخت دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان دەبێتەوە, ئەمانە وا لە تاك دەکات کە ڕووبەرووی کۆمەڵێك فشار ببێتەوە و بیەوێ مانەوەیەکی تەندروست دابین بکات بۆ مانەوەی وەك تاکێکی لەش ساغ, دروستی لایەنی دەروونیش هیچی کەمتر نییە لە دروستی لایەنی جەستەیی, هەربۆیە کەسایەتی تاك کە لایەنێکی گەورەی پەیوەستە بە هێزی خود و پتەوی و دروستی دەروونی, هەر بۆیە گرنگییەکی زۆری هەیە. پتەوی دەروونی پەیوەندی بە توانای تاك هەیە بۆ بەڕێوەبردن و وەڵام دانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی و ئەو فشارانەی کە دێتە بەردەمی, وە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو فشارانە و کۆنتڕۆڵکردن و گۆرینیان بۆ بارێکی ئەرێنی و ئەزموونکردن لێی, بە پێی ئەو ئاما نجانەی کە لە ژیان هەیەتی. پتەوی دەروونیش بووەتە بابەتێکی دیاری باسی توێژەران لەبەر ئەو گرنگیەی کە لەناو ژیانی تاکەکان هەیەتی ( الطاهر,2016, لا114 ).

کوبازا ( kobasa ) بەم شێوەیە دەڕوانێتە پتەوی دەروونی کە پرۆسەیەکی تەندروستە لە کاتی دروست بوونی پاڵە پەستۆیەکی زۆر و مانەوەی هیوا و متمانەبەخۆبوون, وە توانای کۆنتڕۆڵکردنی هەستەوەرەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و تێگەیشتن لە هەست و سۆزەکان لەبەرامبەر کەسانی تر و دڵنەوایی کردنیان, هەروەها کوبازا ئاماژە بەوە دەکات کە پتەوی دەروونی بەدەستهێنانی تاکە لە کۆمەڵێك تایبە تمەندی کە یارمەتی دەدا لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو سەرچاوانەی دەبێتە هۆی پاڵەپەستۆ, لەوانە توانای

**پابەندبوون, توانای بەرنگاری, توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە جیاوازەکان, کە ئەمەش بە لایەنەکانی پتەوی دەروونی دەژمێردرێ. پتەوی دەروونی پەیوەستە بە چەندان شت, لە گرنگترینیان توانای فێربوون و ئەزموونکردنی تاك لە بارودۆخە ناخۆشەکان لە ڕوێکەوە, هەروەها تێڕوانینی تاك بۆ ئەو بارودۆخەی کە وەك بەرنگارییە و ( هەل )ە بۆ پێگەیشتن و پەرەپێدانی تاك لە ڕوێکی ترەوە. وە ( البـاهـج ) بۆچوونی وایە کە پتەوی دەروونی پەیپێبردنی تاك و قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکانە یان پاڵە پەستۆی دەروونییە کە تووشی دەبیٚ( فاتح, 2015, لا 3 ).**

**لە لایەکی تر( مخیمر ) بۆچوونی وایە کە تاك کۆمەڵێك سیفەت بەدەست دەهێنیٚ و یارمەتی دەدات لە ڕووبەڕووبونەوەی سەرچاوەی فشارەکان, لەوانە توانای پابەندبوون, توانای بەرنگاری, توانای کۆنترۆڵکردن لە بارودۆخەکانی ژیان, هەروەها ( حمادە و عبدالگیف ) بۆچوونیان وایە کە پتەوی دەروونی بەرگرییە لە ژێر پەستانەکان یان توانای بەرگەگرتنی فشارە قورسەکانە.**

**وە بە پێی توێژینەوەی** (Subramanian & Vinothkumar,2009) **دەربارەی زانینی پەیوەندی نێوان پتەوی دەروونی و متمانەبەخۆبوون و فشاری دەروونی لەسەر ( 140 ) پسپۆری تەکنەلۆجیای زانیاری لە هندستان, کە پێوەری فشاری پیشەیی و پێوەری پتەوی دەروونی کە ( مادی و کوبازا ) بەکاریان هێناوە بۆ نموونەی ئەندامەکان کاری پێکرا, توێژینەوەکە دەریخستووە کە پتەوی دەروونی و متمانەبەخۆبوونی ئەوان پەیوەندییەکی نەرێنیان هەیە لەگەڵ پەیپێبردنی فشارە دەروونییەکانیان.هەروەها توێژینەوەکەی** (Hartlry,2011) **کە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان پتەوی دەروونی و تەندروستی دەروونی و بەردەوامبوونی ئاکادیمی بوو, کە پێوەری پتەوی دەروونی و پێوەری تەندروستی دەروونی و پێوەری بەردەوامبوون بەکارهات لەسەر ( 605 ) قوتابی لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکا, ئەنجامەکان دەریخست بە بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان پتەوی دەروونی و تەندروستی دەروونی لە توێژینەوەکەدا.هەروەها لە توێژینەوەی ( صالح, 2013 ) کە بەدوای زانینی پەیوەندی نێوان پتەوی دەروونیدا بوو لای ەنجانی زانکۆ لە پارێزگای غەزە و گونجانی دروونی و کۆمەڵایەتی, وە زانینی جیاوازییەکانی نێوان قوتابیان لەسەر پێوەری پتەوی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز, ئاستی خوێندن, جۆری زانکۆ ), توێژینەوەکە پەیوەندییەکی ئاماری نیشاندا لە نێوان پتەوی دەروونی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هیچ جیاوازییەك نییە لەسەر پێوەری پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوەکانی خوێندن( اسماعیل, 2020, لا 479 ) . لە کاتێك پتەوی دەروونی پەیوەستە بە ژمارەیەك گۆڕاوی دەروونی و یەکێك لە گۆڕاوە گرنگەکانیش بریتییە لە پاڵنەری دەسکەوت, کە تاك هان دەدات دەسکەوتی لە ژیاندا هەبیٚ, وە جیاوازی هەیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا, هەموو کەس وەك یەك ئامانج دانانێن و هەمان حەزو ئارەزوو و گروتین و پە ڕۆشیان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە نیە بەڵکو لای هەندێك کەس ئەم پاڵنەرو حەزو و ئارەزووی گەیشتن بە خەو خەیاڵ و ئامانجەکان و بڕی کارکردن و خۆماندووکردن و کۆڵنەدان زۆرە لای هەندێکی تر مامناوەندە لای ئەوانی تر کەم و لاوازە ( قەرەچەتانی , 2015 , لا 103 ). هەر لەبەر ئەوەشە زۆرجار مرۆڤ خاوەنی پاڵنەری دەستکەوت یان حەزوو ئارەزوو و پێداویستی دەستکەوتنێکی زۆر زۆرە بەڵام لەبەر هەندێك هۆکاری**

پەروەردەیی یان کۆمەلاَیەتی و سیاسی لە ژیانی واقعدا لە کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیدا سەرکەوتنی پێویست بە دەست ناهێنێ و دەست کەوتەکانی زۆر کەمترە لە دەست کەوتە پالنەر و حەزوو ئارەزووەکانی بۆ سەرکەوتن.

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە و لە یەکێك لە لایەنەکان خزمەت بە بواری زانستی دەکات, ئەم توێژینەوەیەش گرنگی خۆی هەیە, یەکێك لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێوانی ئاستی پالنەری دەسکەوت و پتەوی دەروونی لای کارمەندانی نوسینگەی خانو بەرە کە زانینی ئاستی ئەم دوو گۆڕاوە لای نموونەی توێژینەوەکە بایەخێکی زۆری هەیە.

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

1- زانینی ئاستی پاڵنەری دەستکەوت لای نمونەی توێژینەوەکە بەگشتی.

2- زانینی ئاستی پتەوی دەروونی لای نمونەی توێژینەوەکە بەگشتی.

3- زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پاڵنەری دەستکەوت و پتەوی دەروونی لای نمونەی توێژینەوەکە بەگشتی.

## سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم کارمەندانی نوسینگەی خانوبەرە لە شاری هەولێر بۆ ساڵی ( 2022-2023 ).

## پێناسەکردنی زاراوەکان:

### یەکەم: پاڵنەر:

- ئۆرمورد(1995): پاڵنەر هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی کارەکانی ئەنجام بدات وە دەستکەوتی پۆزەتیڤ لە کارەکانی بەدەست بهێنێت بۆیە ئەو کەسانەی ئاستی پاڵنەریان نزمە بەردەوام هەست بەبێزاری وناڕەحەتی لە کارەکانیان دەکەن وە بە پێچەوانەوەش .(عزیز,2017,لا 72 )
- هیوت(2001): پێی وایە کە کارلێکردنی کۆمەلأیەتی پەیوەندی بە درووستکردنی پاڵنەرەکانی تاك هەیە بە پێی بارودۆخی کۆمەلأیەتی گۆڕانکاری بەسەر پاڵنەرەکان دادێت. (عزیز,2018,لا147)

### دووەم: پاڵنەری دەستکەوت :

- محمود ئیبراهیم(2002): ئەو بزوێنەرەییە کەلە پشت لایەنە جیاوازەکانی چالاکییەوە کە لە ڕێگەیەوە تاك شتی نوێ بەدەست دەهێنێت یان هەمواری دەکاتەوە لەڕێگای ڕەفتارەوە(صالح,2018,لا29).
- عبدالعال(2007): ئەو ئارەزووەیە بۆ گەیشتن بە شتێك کە مانادار بێت, یان بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرز لە نواندن (السقا,2018,لا46).
- الحربی(2010): ئارەزووی ئەنجامدانی کارێکی باش نیشان دەدات , وە سەرکەوتن لەو کارەش بە پێی بنەماو پرەنسیپی ئامانجە پێشوەختەو دیاریکراوەکان دەبێت (بورزق,2014-2015,لا21).
- مۆرای: ئەم جۆرە پاڵنەرە پاڵنەرێکی جیهانییە و لای هەموو کەسێك هەیە و هیچ پەیوەندی بە نەتەوە و ئاین و ڕەگەز و تەمەن و چین و توێژی کۆمەڵایەتییەوە نییە (قەرەچەتانی, 2015, لا103).
- پێناسەی توێژەر: بریتیە لەو هێزەی کە لە ناوەوەی تاك سەرچاوە دەگرێ ,وە هەوڵدەدات کە بەرجەستەی بکات لە ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی و کاروچالاکییەکانی تاوەکو ئەو ئامانجەی دیاریکردووە بەدەستی بهێنێ و پێویستی و دەستکەوتەکانی باشترو زیاتر بێت, هەندێ کاتیش هۆکاری ژینگەیی دەرەکی کاریگەری لەسەر هەیە.
- پێناسەی کردەیی: بریتیە لە کۆی ئەو نمرانەی کە توێژەر بەدەستی هێناوە لە وڵامدانەوەی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت بەدەست دەهێنن کە لەم توێژینەوەیە بەکار هاتووە.

## سێیەم: پتەوی دەروونی:

- **جیرسون( 1998 ):** بریتییە لە توانای تاك لە ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان, بە چەند کارامەییەك لەم ڕووبەڕووبونەوانە: شیکردنەوەی لۆژیکی, خۆبەدوورگرتنی مەعریفی, بەتاڵکردنەوەی هەڵچوونی
- **الحجاز و دخان( 2005 ):** باوەڕێکی گشتییە لای تاك, لە توانا و چالاکی و بەکارهێنانی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەڕووی دەروونی و ژینگەییەوە بۆی فەراهەم بووە, بۆئەوەی پەی پێببات و ڕوونیبکاتەوە, هەروەها بە تەواوی ڕووبەڕووی ڕووداو و فشارەکانی ژیانی ببێتەوە (البیرقدار,تنهید عادل,2010-2011 لا32).
- **العبدلي(2012):** نەخشێکی گرێبەستی دەروونییە کە تاک بەهۆیەوە خۆی پابەند دەکات بەرامبەر بە خۆی و ئامانج و بەهاکانی و ئەوانی دیکەی دەوروبەری، و باوەڕی تاک کە دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو ڕووداوانەی هەبێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، و بەرپرسیارێتی ئەو ڕووداوانەی لە ئەستۆ دەگرێت کە ئەو بەرکەوتەی دەبێت، و ئەوەی لە لایەنەکانی ژیانیدا دەگۆڕێت بابەتێکە وروژێنەرتر و پێویستترە بۆ گەشەکردن نەک هەڕەشە و بەربەستێک لەبەردەمیدا (العبدلي،2012،لا13).
- **زیدان(2017):** ئەو شتەیە کە واجبە لەسەر خود، واتە پابەندبوون و کۆنترۆڵ و متمانە و خۆکارایی بەرزی، وەک لە پێوەرەکانی ڕەقبوونی دەروونی دەپێورێت، ژیان تێیدا و جێبەجێکردنی بەڵێن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و توانای بڕیاردان و بەدیهێنانی داواکارییەکانی ئەوانی تر ٢- خۆکۆنترۆڵکردن: واتە توانای پێکەوەژیان لەگەڵ بارودۆخی سترێس و قەیران و مەترسی و ڕووداوەکان بە کۆنترۆڵەوە، جگە لە بەدیهێنانی کاریگەری قەیرانەکان و بیرکردنەوە بە عەقڵی ساغی ئەرێنی لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ... ڕووداو ٣- خۆکارایی بەرز: کە بریتییە لە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کارامە، تەحەدا، ئیرادە و بەرەنگاری لە کاتی قەیرانەکانی ژیاندا، جگە لە گەڕان بەدوای خۆڕێکخستن بە ڕێژەیەکی دۆخەکە و کارکردن بۆ گۆڕینی ژینگە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی تایبەتمەندی ئامانج و بەکارهێنانی زانیاری پێویست بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ فشاردا بکرێت، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تەرازووەی کە لەلایەن(زێدان،2017،لا51).
- **پێناسەی توێژەر:** توانای تاکە لە بەڕێوەبردن و وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی و ئەو فشارانەی کە دێتە بەردەمی, وە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو فشارانە و کۆنترۆڵکردن و گۆڕینیان بۆ بارێکی ئەرێنی.

**پێناسەی کردەیی:** بریتیە لە کۆی ئەو نمرانەی کە توێژەر بەدەستی هێناوە لە وەڵامدانەوەی پێوەری پتەوی دەروونی بەدەست دەهێنن کە لەم توێژینەوەیە بەکار هاتووە.

# بەشی دووەم :

# چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

## تەوەرەی یەکەم :

یەکەم : چوارچێوەی تیۆری پاڵنەری دەسکەوت

دووەم : چوارچێوەی تیۆری پتەوی دەروونی

## تەوەرەی دووەم :

یەکەم : توێژینەوەی پێشووی پاڵنەری دەسکەوت

دووەم :توێژینەوەی پێشووی پتەوی دەروونی

## تەوەرەی یەکەم:

## یەکەم: پاڵنەری دەستکەوت:

پاڵنەر حاڵەتێکی ( جەستەیی - دەروونییە ) لە ناوەوەی مرۆڤ هەڵسوکەوت لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەجوڵێنێ و ئاراستەی دەکات بەرەو ئاما نجێکی دیاریکراو، هەموو کەسێك کەم تا زۆر پاڵنەری دەستکەوتی هەیە دەستکەوتەکان جۆراو جۆرن وە تاکەکان هەمان دەستکەوتیان نییە بەڵکو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، پاڵنەری دەستکەوت بابەتێکی ڕێژەییە لای تاك. ئەوانەی پاڵنەری دەستکەوتیان بەرزە ئەم تایبە تمەندیانەیان هەیە:

ئاڕاستەی ڕەفتار:- واتە کارێك کە هەڵیدەبژێرێت کاری لەسەر دەکات تاکو کۆتایی دێت ناچێتە سەر کارێکی تر.

بەردەوام بوون :- واتە خواستی تاکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بگەڕێتەوە بۆ کارەکەی کەی جێی هێشتوە یان تەواو کردنی کارەکەی یان زیادکردنی, بەڕوونی ئاستی پاڵنەرەکەی خۆی بۆ کارەکە نیشان دەدات.

ئاستی چالاکی:-واتە تاڕادەیی چالاکی تاك لە کارێك بەرزتربێت زیاتر گوزارشتە لە پاڵنەری دەستکەوت بۆ کارەکەی (برجی، 2017-2018،لا145).

مرۆڤ بونەوەرێکی ئاڵۆزە هەر لەبەر ئەم ئاڵۆزیەشی بۆتە جێگەی سەرنجی زانایانی دەروونزانی هەریەکەیان لە لایەنێکی کۆڵیوەتەوە بۆ تێگەیشتن لەو ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدات و چەندین زانای دەروونزانی لێکۆڵینەوەیان کردووە ئاخۆ چ شتێك دەبێتە هۆی دروستبوونی پاڵنەری تاك تاکو دەستکەوتی هەبێت لەژیان، چەندین تیۆر هەن کە گرنگیان داوە بە پاڵنەری دەستکەوت, توێژەران هەڵدەستن بە نیشاندانی هەندێ لەو تیۆرانە:

## تیۆرەکانی پاڵنەری دەستکەوت:

## دیڤدماکلیلاند:

یەکێکە لە زانایانی بواری دەروونزانی کە دەستنیشانی پێداویستی بۆ دەستکەوتن کردووە، کاری کردووە لەسەر پاڵنەری دەستکەوت, پێی وایە جەخت کردن لەسەر بوارێکی سنوردار هەرگیز پۆلینێکی تەسك نییە و لە ڕێگای جەختکردن لەسەر یەك کێشە و پاڵنەر، دەڵێت کاتێك هەڵساین بە توێژینەوەکانمان بۆمان دەرکەوت نەك تەنها شتی زۆر فێردەبووین دەربارەی پاڵنەری دەستکەوت بەڵکو لەبوارەکانی تریش زۆر شت فێردەبووین. لەڕێگای هەوڵە ژیرەکانی ماکلیلاند و هاوڕێکانی دەربارەی پێوانەی پاڵنەری دەستکەوت لای تاك بۆمان دەرکەوت کەوا چۆن ڕەفتار لەچەندین هەڵوێستدا دەگۆڕێت بەکاریگەری ئاستی پێداویستی بۆ دەستکەوتن. هەروەها چەندین سەرچاوەشیان بۆدەرکەوت کە کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی پێداویستی یا لەسەر لەدەستدانی ئەو پەرەپێدانە لای تاك. وەلە ڕێگای توێژینەوەکانی بۆی دەرکەوت چۆن ئاستی گشتی پێداویستی بۆ دەستکەوتن کاردەکاتە سەر گەشەی ئابووری لە کلتووره کۆن و هاوچەرخەکاندا لە ئە نجامی ئەمەش دەتوانرێت پێشبینی بە ئایندەی گەشەی ئابووری هەر وڵاتێك بکرێ یا بە دارمانی لە ڕێگای پێوانەی ئاستی پێداویستی بۆ دەستکەوتن لای تاکەکان لە ئێستادا، کاتێکیش پاڵنەری دەستکەوتن لای تاك لە کلتورێك بەهێز دەبێت ئەوکاتە دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە لە سرووشتی ئەو کلتورە بکات. ماکلیلاند سودی لە ئامرازەکانی فرۆید و زانایانی دەروونزانی ئەزموونی وەرگرت بۆ پەرەپێدانی پێوانەکردنی پاڵنەری دەستکەوت و شێوازە بنەڕەتیەکەی بۆ دۆزینەوەی ئەو پاڵنەرەی کە بمانەوێت دەرکەوێت و بیبینین لەوانە( خەیاڵی تاکەکان، تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی tat، پتەوکردنی( خەلاّتکردنی )ڕەفتارە نوێیەکە، خولی خوێندن بۆ فێربوونی پاڵنەری دەستکەوتن لای گەورەکان، ڕاهێنان و چەسپاندنی بڕوا لەلای تاك)، پێی وایە گۆڕانکارییەکان لە پاڵنەردا زیاتر ڕوودەدەن کاتێك تاك هەست بە جۆشوخرۆش و ئارامی و ڕاستگۆیی بکات بە پاڵپشتی ڕێزگرتن لە مامۆستاکانی و هاوڕێکانی( مستەفا،2019،لا496-503).

## مازلۆ:

لە بیردۆزەکەی پاڵنەریەت بابەتێکی سەرەکی و ناوەوەندییە، ئاماژەی بە ژمارەیەك پێداویستیە ڕەمەکییەکان داوە کەوا ڕەفتاری هەموو تاکێك دەوروژێنێت و ئاڕاستەی دەکات بۆ ئەوەی دەستکەوتی هەبێت. ئەو پێداویستیانە ڕەمەکین لەبەر ئەوەی لە ڕێگای بۆماوە و لەکاتی لەدایك بوون درووست دەبێت بەلاَم ئەو ڕەفتارەی کە بەکاردێت بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستیانە ڕەفتاری فێربووە, ئەم ڕەفتارە فێرکراوە جیاوازی هەیە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر. وە خەسڵەتێکی تری ئەم پێداویستیە گشتگیرانە بریتییە لە ڕێکخستنیان بە شێوەی پەیژەیی یان هەرەمی بەم شێوەیەی خوارەوە:




- پێداوستیە فسیۆلۆجیەکان.
- پێداویستی بۆئاسایش و ئارامی دەروونی.
- پێداویستیەکانی ئینتیماو خۆشەویستی.
- پێداویستی بۆ ڕێز.
- پێداویستی بۆ سازدانی خود.(وەدیهێنانی خود )

ئەو پێداویستیانەی کە دەکەونە خوارەوەی پەیژەی پاڵنەرییەت بریتیەلە ( پێداویستیە فیسۆلۆجییەکان )کە دەبێت تێربکرێن پێش ئەوانی تر. تاك لەهەمان کاتدا هەموو ئەو پێداویستیانە نایا نجوڵێنێت تەنها یەکێك لەو پێداویستیانە زاڵ و ئامادە دەبێت، زاڵبوون و هێزی هەر پێداویستیەك دەوەستێتە سەر ئەوەی کامیان تێر کراوە کامیان تێرنەکراوە ( مستەفا، 2019، لا353-355 ).

هەر تاكێك بە پێی ڕێگا و شێوازی تایبەتی خۆی ئەو پێداویستیانە فەراهەم دەكات لەو ژینگەیەی كە تیایدا دەژی, كەواتە پاڵنەری دەسكەوت بە پێی بوونی پێداویستییەكان لای تاك دیاری دەكرێت.

## مۆرای:

گرنگرین بابەت كە پێشكەشی كردووە لە تیۆرەكەی چەمكی ( پێداویستیەكان ) بە مەبەستی ڕوونكردنەوەی پاڵنەر و ئاڕاستەی ڕەفتار. وە پۆلینێكی دوور و درێژی خستەڕوو بۆپێداویستیەكان كە دەرئە نجامی لێكۆڵینەوەیەكی چڕو فراوانە لەلایەن مۆرایەوە لە كەسە ئاساییەكان. بەبۆچونی مۆرای پێداویستی چەمكێكی گریمانەییە و لەسەر گریمانە بەندە وە ڕوودانیشی بابەتێكی وێناكراوە لە پێناو ڕاڤەكردنی هەندێ لە ڕاستییە بابەتی وخودییەكان پێداویستیەكان لە چالاكی یان لە پرۆسە ناوەخۆییەكان یان لە ژینگەییەكان درووست دەبێت، پێداویستی هەڵدەستێ بە چالاككردنی ڕەفتار بە ئاڕاستەی گونجاو بۆ ڕازیكردنی پێداویستیەكە, كە پێداویستیەكان ئەمانەن( كۆنترۆڵكردن، ڕێزگرتن، سەربەخۆی، بەدەستهێنان، لایەنگری، ڕەتكردنەوە.....هتد ) مۆرای پێی وایە ئەم پێداویستیانە مەرج نیە هەمووی لەكەسێكدا هەبێت هەندێ كەس هەن لەوانەیە بە درێژای ژیانیان هەست بەهەموو ئەو پێداویستیانە بكەن بەلأم هەندێكی تر هەن بۆیات نەڕەخساوە كە هەست بە هەندێك لەو پێداویستیانە بكەن. ( مستەفا، 2019، لا245تا249 )

بە پێی تیۆرەكانی ماكلیلاند وماسلۆ ومۆرای بۆمان دەردەكەوێت كە پاڵنەری دەستكەوت بەستراوەتەوە بە پێداویستیەكانی تاك، تاوەكو ئاستی پێداویستی لای تاك بەرزتربێت ئەوەندە پاڵنەری دەستكەوت لای بەهێزتر دەبێت كەواتە پەیوەندییەكی ئەرێنی و بەهێز لەنێوانیان هەیە، تا دەستكەوتی تاك زیاتر بێت ئەوا بیرۆكەو توانای بۆ سازدانی خود و داهێنان زیاتر گەشەدەكات دەبێتە تاكێكی داهێنەر سود بەخش.

## دووەم: پتەوی دەروونی:

پتەوی دەروونی :بریتییە لە هەستكردنی تاك وە قبوڵكردنی گۆڕانكارییەكان یان فشارە دەروونیەكان كە بۆی دەردەكەوێت, وە كاردەكات بۆ ڕێگەگرتن لە دەرئە نجامە دەروونی و هەستیەكان وە بەشداری دەكات لە چاككردنی پەیوەندییە بازنەییەكان كە بەفشار دەست پێدەكات وە كۆتایی دێت بە دووبەرەكی دەروونی بە ڕەچاوكردنی ئەوەی قۆناغێك لە فشارەكە پێش كەوتوە( فاتح , 2014-2015, لا14 ).

## تیۆرەکانی پتەوی دەروونی:

### تیۆری کوبازا:

توێژەری ئەمریکی سوزان کوبازا چەمکی پتەوی دەروونی بەکارهێناوە بۆیەکەم جار لە ساڵی 1979 لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ڕووداوەکانی ژیانی فشاری کەسایەتی و تەندروستی وە بەجێگەیاندن) ئەو وای دەبینێت کە ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکان لای تاك شتێکی حەتمییە کە ناتوانین لێی ڕابکەین, چونکە ژیان پڕییەتی لە قورسی و بەربەستەکان, هەروەها خەڵکی ناتوانن خۆیان لە شکست بپارێزن یاخود لە بێ هیوایی وە هەستکردن بە تەنهایی, وە ناتوانن ڕابکەن لە گۆڕانی کەسایەتی خۆیان لە قۆناغەکانی ژیانیان. کوبازا تیۆرەکەی لەسەر پتەوی دەروونی داڕشتوە لە ڕێی پشت بەستن بە ئەنجامی کۆمەڵێك توێژینەوە کە کراوە لە ساڵانی (1979-1982-1983-1984) وە ئامانجی بوو کە گۆڕاوە دەروونیەکان و کۆمەڵایەتییەکان بزانێت کە لە پشت پاراستنی خەڵکیە بۆ تەندروستی دەروونی و جەستەیی خۆیان هەتا سەرەڕای ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان ئەم توێژینەوانە لەسەر نموونەی دیاریکراو کراوە لە فەرمانبەرانی ئیداری ناوەند و بەرز وە هەروەها لای پارێزەران وە پیاوانی کار. کوبازا لە ساڵی 1982 لێکۆڵینەوە سەرەکییەکەی بە ناونیشانی (پتەوی دەروونی پەیوەندی بە کەمکردنەوەی ڕووداوە فشارییەکان لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی) کردووە وە نموونەی توێژینەوەکەی نموونەیەکی جۆراوجۆر بوو لە فەرمانبەران, هەروەها پیاوانی کار کە ژمارەیان (259) کەس بوو (40)ساڵ تەمەنیان بوو, وە پێوەری پتەوی دەروونی کە لەلایەن کوبازا ئامادەکرابوو بەسەریان جێبەجێکرا, هەروەها ڕووداوەکانی ژیانی شەرمەزاری لەلایەن (هۆڵمز و راهی) دیاریکرابوو, وە پێوەری تەندروستی و نەخۆشی لە ئامادەکردنی (وایلەر ماسودە هۆڵمز) هەروەها پێوەری ئامادەباشی و بۆماوەیی لە کەسایەتی و پێوەری ڕێکخستن و نامۆیی لە خود و هەروەها پێوەری ئاسایش و مەعریفی, لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە پتەوی دەروونی بە سێ دووریيەکەی تەنها نابێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووداوە فشارییەکان لەسەر تاك بەڵکو دەبێتە هۆکاری بەرهەڵستیکردن و خۆڕاگری لە کاریگەری شوێنەواری ئەو ڕووداوانە لە تەندروستی جەستەیی لە بەرامبەر هەستکردن بە نامۆیی و کۆنترۆڵکردن لە بەرامبەر لاوازی و ڕکابەری بەرامبەر هەستکردن بە هەڕەشەکردن و هەروەها هەبوونی پەیوەندی لە نێوان دووری پەیوەست بوون, وە کۆنترۆڵکردن و درککردنی ئەرێنی و واقعی بۆ ڕووداوەکانی ژیان, هەروەها شێوازەکانی ژیان کردن و دەرئەنجامەکان هێمایان بۆ ڕۆڵی کۆمەڵێك لە گۆڕاوی کۆمەڵایەتی کردووە لە خۆپاراستن لە توشبوون بە شڵەژانەکان, وەکو یارمەتی دانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خێزاندا, کوبازا پێشنیاری پێشەکیەکی کرد لە بواری خۆپارێزی لە نەخۆشی دەروونی و جەستەیی و دوای ئەوەی کە تێبینیکرد کە هەندێ لە خەڵکی دەتوانن خودی خۆیان بەدی بهێنن وە تواناکانیان بەکاربهێنن سەرەڕای توشبوونیان بە کۆمەڵێك بێ هیوایی و فشار, هەروەها زۆرێك لە خەڵك نەخۆش ناکەون بەهۆی توشبوونیان بەفشاری دەروونی, پێشبینی ئەوەشی کرد هۆکاری ئەمە بریتییە لە پتەوی دەروونی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری ڕووداوە فشارییەکان لەسەر تاك چونکە ئەو کاتانەی کەخاوەن پتەوییەکی دەروونی بەرزن ڕووبەڕووی فشارەکان دەبنەوە بەبێ ئەوەی توشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بن, هەروەها کوبازا کاری کرد لەسەر

دڵنیاکردنەوەی گریمانەی تیۆرەکەی کاتێك گەیشتە ئەو دەرئە نجامەی کە ئەو کەسانەی خاوەن پتەوی دەروونی بەرزن زیاتر توانای خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکانیان هەیە, کوبازا کاریگەر بوو بە ئاڕاستەی مەعریفی (لازوراس ) کەوای دەبینێت ڕووداوەکانی ژیانی فشاری گرنگە بۆ دیاریکردنی جۆری خۆگونجاندنی مرۆڤ چونکە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بۆ تواناکانی بە شێوەیەکی نەرێنی وەهەروەها بە شێوەیەکی نەگونجاو لە مامەڵەکردن لە ڕووداوە قورسەکاندا شتێکە دەبێتە هۆی هەڕەشەکردن دوای ئەوەش دەبێتە هۆی بێ هیوایی هەروەها کوبازا لەگەڵ لازاروس هاوڕابوو لە کەشی خێزانی لەسەر بونیادنان و ڕێزو پەیوەندیکردن و هاندان, وا لە منداڵ دەکات کە هەست بە ئاسایش بکات وە هەست بە بەهای خودی بکات, وای لێدەکات کە زیاتر توانای بەرگەگرتنی بەرپرسیارەتی هەبێت, هەروەها زیاتر توانای دەبێت لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانی لە قۆناغەکانی ژیانی, کوبازا بە کارەکانی ( ماکوبی ) سەرسام بوو کە ڕۆڵی ژینگەیی ڕوونکردەوە لە بونیادنانی پتەوی دەروونی لای تاك, ئەو تاکانەی کە پەیوەندی خێزانیان گەرماو گوڕە و قبوڵکردن و گرنگی پێدانی تێدایە لەگەڵ متمانە و ڕێزگرتن ئەمە وادەکات کە لای منداڵ بیروباوەڕی سەرکەوتن لە ڕێی تواناکانی خۆی زیاد بکات, هەروەها (کوبازا و مادی ) هۆکارەکانی کە وادەکات پتەوی دەروونی بتوانێت کاریگەری فشاری دەروونی کەمبکاتەوە ئاماژەیان پێدا و هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو کەسانەی خاوەن پتەوی دەروونی بەرزن زیاتر توانای ئەوەیان هەیە کە ڕووبەڕووی ئەو ناخۆشیانە ببنەوە کە لە ڕێگەی فشارەوە توشی مرۆڤ دەبێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوەیان کە خۆ گونجێنەرە و هەروەها فشاری بەردەوام دەبێتە هۆی ماندووبوون کە کۆمەڵێك نەخۆشی جەستەیی و دەروونی لەگەڵە, لێرەدا کاریگەری پتەوی دەروونی دەردەکەوێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشارەکان کە لە چەند ڕێگایەکەوە ئە نجام دەدرێت :-

- پتەوی دەروونی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە درککردنی ڕووداوەکان.
- پتەوی دەروونی دەبێتە هۆی پەرە پێدانی شێوازەکانی ڕووبەڕووبونەوەی بەربەستەکان.
- پتەوی دەروونی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە خوە تەندروستییەکان وەك پەیڕەوکردنی خۆراکی تەندروست و وەرزشکردن.

بەم شێوەیە کوبازا گەیشتە کۆمەڵێك دەرئە نجام کە بوە هۆی داڕشتنی تیۆرەکەی,

ڕووبەڕووبونەوەی ڕووداوی ژیانی زەحمەت شتێکی گرنگە بۆ بەرزبوونەوەی تاك و پێگەیشتوی دەروونی و کۆمەڵایەتی, ئەو کەسایەتییەی کە خاوەن پتەوی دەروونیە توانایەکی بەرزی هەیە بۆ بەرگەگرتنی ئازار و خۆپارێزی لە فشارەکان دواتر پتەوی دەرونی زیاتر بۆماوەییە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون, هەروەها کوبازا هەندێ گۆڕاوی دیاری کرد کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی

پتەوی دەروونی  کە ئەویش بریتیە لە( بۆماوە, ئاین, پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و دەروونی , ئاستی بەرزی ئابووری ,فێربوونی کۆمەڵایەتی, ئەرێنی ) وای دەبینێت کە پتەی دەروونی لە قۆناغی منداڵی گەشە دەسێنێ کە مرۆڤ ئەزموونی جۆراوجۆر بەدەست دەهێنی کە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی کەسایەتییەکەی, هەروەها دەتوانی هێما بەوە بکەین کە چەمکی ( پتەوی دەروونی )کە کوبازا باسی کردووە وەچەمکی ( هەستی پتەوی ) کە ئۆتۆنۆفیسکی باسی کردووە  لە یەکتری نزیکن وە تیۆرەکەی ئۆتۆنۆفیسکی دەربارەی ئەوەبوو کە بۆچی هەندێ کەس زیاتر تەندروستن و زیاتر توانای ڕووبەڕووبونەوەی فشاریان هەیە ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ سێ هۆکار کە بریتیە لە :

- توانای تێگەیشتن.
- توانای درککردن.
- توانای کاریگەربوون.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان توانای ڕووبەڕووبونەوەیان باشە وەکو پارە و زیرەکی وە ڕێزگرتنی خود و خۆپارێزی تەندووستی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و بونیادنانی ڕۆشنبیری, دەتوانین بڵێین کوبازا دیاری کرد کە پتەوی دەروونی بریتیە لە ئامادەباشی  تەندروستی لە کەسایەتی کە سێ هۆکار لە خۆدەگرێت :

- پابەندبوون.
- کۆنترۆڵکردن.
- بەرنگاری.

ئەو کەسەی کە پتەوی دەروونی بەرزی هەیە ئەوەیە کە دەبینێت ڕووداوە فشارییەکان کاریگەرن و مانایەکیان هەیە و وا خۆی دەبینێت کە توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکانی هەیە و درک بەوە دەکات کە گۆڕانکاری شتێکی سروشتیە , ئەویش توانای ڕووبەڕووبونەوەی بەربەستەکانی هەیە و دەتوانێت پەرە بەتوانای خۆی بدات لە ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان و خۆگونجاندن لەگەڵیان( الدین ,2016, لا19 ).

**تیۆری مادی:**

**یەکەم تێگەیشتنی پتەوی دەروونی لە ساڵی ( 1987 ) لە کارەکانی زانای دەروونزانی ئەمریکی ( سیلفاتور مادی )دەرکەوت, ئەو پرۆفیسۆرە کەچاودێری کوبازا دەکات لە دکتۆراکەی, وە لە نوسینەکانی لەسەر ( ناسنامەی نموونەی کەسایەتی پێشوی نەخۆشیەکە ) دەرکەوت کە هەلومەرجی درێژخایەنی لەدەست دانی مانا وە نامۆیی لە بوونی مرۆڤدا دەبێتە خەسڵەتێکی ژیانی ئاسایی مۆدێرن و گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا و گۆرانکاری لە کلتووری کۆمەلایەتی و لەو شوێنەی کە خەڵك ناسنامەیان هەیە لەسەر بنەمای رۆڵی کۆمەلایەتی خۆیان. مادی بەشداری گەورەی لە پتەوی دەروونی هەبوە و سەرەتای کاتێك بوو کە خوێندکارانی زانکۆی شیکاگۆ رایانکرد لە لێکۆڵینەوەی درێژخایەنی ( 12 )ساڵەی لە ساڵی ( 1981-1993 ) لە کۆمپانیای (بیل پەیوەندی ibt ) و لەساڵی ( 1981 ) کۆمپانیاکە بڕیاری دا بە کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران بۆ نیوە لە ئەنجامدا ئەو فەرمانبەرانەی کە مابوونەوە لەکارەکەیان رووبەڕووی گۆرانکارییەکان بوونەوە لە وەسفی کاردا, مادی و گرووپی توێژینەوەکەی لێکۆڵینەوەیەکی قوڵیان لەسەر( 400 ) نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا وە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە کە لە پێش کەمکردنەوەی فەرمانبەران و لە پاش کەمکردنەوەی فەرمانبەران دەرکەوت کە دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی نموونەکە بەدەست کەمبوونەوەی ئەدا و کارامەیی سەرکردایەتی و ناتەواوی تەندروستی دەناڵێنن. وەکو جەڵتەی دڵ, قەڵەوی, خەمۆکی, بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان, لە ئەنجامی بەرکەوتنی فشاری زۆر وهەندێك جار مردن لە هەندێك حاڵەتدا, لەبەرامبەر سێیەمەکەی تری نموونەکە, ئەو فەرمانبەرانەی تێدایە کە هەمیشە لەژێرفشاری زۆر و گۆرینی ئیش دابووە کەهاوپیشەکانیان فەرمانبەرەکان ئاشکرابوون جگە لەمەش تەندروستی خۆیان پاراستوە ئەوان بەباشی نمایشیان کرد و هەستیان بە پەرۆشیەکی دیاریکراو کرد, لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش بۆچی ئازاری ئەو دووگرووپەی داوە؟ ( مادی ) ئەوکەسانەی کە بەردەوام بوون لە فشار خستنە سەریان هەستان بە پاراستنی سێ بیروباوەڕی سەرەکی و نەرمیان هێشتەوە کە یارمەتیان دا ئەم فشارانە لە دوودڵی بگۆرن بۆ دەرفەتێك بۆ ژیان. ئەو بیروباوەڕانە بوون بە سێ کلیلی پەیوەندیدار بە( پا پەندبوون ,کۆنترۆڵ, بەرنگاری ). پابەندبوون بە گەڕان وای لێکردوون لەجیاتی ئەوەی خۆیان بپارێزن هەست بە گۆشەگیری بکەن دەست بکەن بە کار, هەروەها کۆنترۆڵ وای لێکردوون کە بەرەنگاری ناکۆکیەکان ببنەوە و هەوڵبدەن کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان بکەن ئەمەش لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی خۆبەدەستەوەدان لاوازیە, هەروەها بەرەنگاریەکە وای لێکردوون گۆڕانکارییەکان بناسێنن کە لە ئەنجامی فشارەکان چ ئەرێنی بێت یان نەرێنی بۆ فێربوون. ئاستی پتەوی دەروونیەکە ئەوە دیاری دەکات کە ئێمە چۆن وەڵامی فشارەکانی ژیان دەدەینەوە ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان کارمەندەکانی کۆمپانیای بێل پەیوەندی دەرکەوتن, سێ تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکەی پشت ڕاستکردەوە کە پتەوی دەروونین ( پابەندبوون, کۆنترۆڵکردن ,بەرنگاری ) کە وەك خەسڵەتی شێوازەکانی بەرپەچدانەوەی فشارەکان دەرکەوت و لە بوارە جیاجیاکاندا تاقیکرایەوە ونرخێندرا لەوانە بەڕێوبەرایەتی و بازرگانی و دەرچوون و قوتابخانە و کلینیکە پزیشکیەکان, ئەوە کاریگەری سەلماندووە لە یارمەتی دانی خەڵك لەکاتی سەختیدا. لە مادی پتەوی پێکهاتەیەکی تاکە کەسیە لە سێ ڕەهەندی تێکەڵ و کارلێك, کەسێك کە پابەندە بەوەی کە ئەوکارەی دەیکات و لەکار لادەبردرێت دوای ئەوە بەردەوام باشترین ڕێگا دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەزمونەکەی بکاتە**

ئەزمونێکی سەرنج ڕاکێش و مانادار, کەسێکی خاوەن کۆنترۆڵیش حەزدەکات کاریگەری لەسەر داتا قورسەکانی فشار دروست بکات. ئەو کەسەی فێری بەرنگاری بەرز بووە لە ئەزمونەکانی ئەم سێ ڕەهەندە لە پتەوی دەروونی لەگەڵ پاڵە پەستۆدا دەگونجێنێت بۆ ئەوەی ئەو هەل و مەرجەی کە پەستان دەخاتە سەر تاک لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت بۆ هەل و مەرجی گەشەکردنی کەسی.

